# تووڕەیی و کات

بەکر عەلی
(ئەڵمانیا)

### تیۆرییەکی نوێ بۆ ڕاڤەکردنی مێژووی جیهان

### یەکتر ناسینی بەکر عەلی لەگەڵ فەیلەسووف پیتەر سلۆتەردایک لە پەراوێزی ئێوارە کۆڕێکدا لە بەرلین

هێندەی سەرنجم لە ئیشەکانی فەیلەسووف پیتەر سلۆتەرداک دابێت، ئەوەیە کە هەموو ساڵێک یان لە وەرزی پایزدا یان لە وەرزی بەهاردا یان زۆر ساڵ لەهەردوو وەرزەکەدا شاکارێک دەخاتە کتێبخانەی ئەڵمانییەوە و ئیدی تا وەرزێکی تر دادێ گۆمی مەنگی کایەی فیکری وسیاسی و کۆمەڵایەتی و فەلسەفی دەشڵەقێنێت و بە خۆیەوە سەرقاڵی دەکات.

وەک ئەوەی ئەو دوو وەرزە هێمای نەک مردن و دووبارە زیندوو بوونەوەی سروشت بن بەتەنیا ، بەڵکو هی چالاکییە ڕۆحییەکانی مرۆڤیش بن. ئەو وا دەکات هەر کتێبێکی بە هەنارێکی گەییو بچێت کە لە لقەکەیەوە بەردەبێتەوە سەر زەوی و ئیتر خۆی بۆ دەیان دەنگی بیروڕا دەکاتەوە. پایزی ٢٠٠٦ کتێبی «تووڕەیی و کات»ی بڵاوکردەوە، لەوکاتەشەوە چەندین وتار و بابەتی لەسەر نووسراوە و چەندین دیداری ڕۆژنامەیی و تەلەفزیۆنی و ڕادیۆیی لەگەڵدا سازکراوە، ئەمە جگە لەوەی خۆشی چالاکانە لە زۆربەی شارە گەورەکانی ئەڵمانیادا وەک میونیخ، کۆلن، هانۆڤەر، هامبۆرگ و بەرلین کۆڕی خوێندنەوەی بۆ کتێبەکە لە پێناو پتر ڕوونکردنەوەی ناوەڕۆکی کتێبەکەدا، ساز کردووە. لەم ئێوارە کۆڕەشدا (٢٠٠٧/٣/٢٦) لەبەرلین ئێمە بە جۆشێکی ڕۆحی و بە لیبیدۆیەکی فیکرییەوە چووین بۆ گوێگرتن لە کۆڕی فەیلەسووفی گەورە پیتەر سلۆتەردایک

لەسەر شانۆی بەرلین «ئەم شانۆیە کاتی خۆی شانۆی برتۆلد برێشت بووە و ئێستاش پەیکەرێکی ئەو لە گۆڕەپانی پێش خانەی شانۆکەدایە»، کە چەند لاپەڕەیەکی لە کتێبی «تووڕەیی و کات» بۆ خوێندینەوە.

ئەگەرچی من لە سەرەتای پایزی ٢٠٠٦دا هەرزوو لەگەڵ بڵاوبوونەوەیدا کتێبەکەم خوێندەوە، هەرچەندە نرخی بلیتی کۆڕەکەی نزیکەی هێندەی نرخی کتێبەکەی بوو، بەڵام لەمێژ بوو تامەزرۆی ئەوەبووم گەرهاتە بەرلین بتوانم لە نزیکەوە گوێبیستی بم و خۆمی پێ بناسێنم. ئەوە بوو کۆڕەکە بریتی بوو لە خوێندنەوەی تێکڕای چەند لاپەڕەیەک لە کتێبەکە و پاشان گفتوگۆکردنی نووسەر کلاوس پەیمان لەگەڵیدا کە لە کاتژمێر هەشتی ئێوارەوە تاوەکو یازدەی شەوی خایاند. پاشان خانەی بڵاوکردنەوەی کتێبەکانی کە ژمارەیەکی زۆر لە بەرهەمەکانی سلۆتەردایکی بۆ فرۆشتن نمایش کردبوو، لەم بۆنەیەدا ژمارەیەکی زۆری کتێبەکانی ئەوی فرۆشت، یەکێک لەو کتێبانەش لەم وەرزی بەهارەدا کتێبێکی هەرە نوێی ئەو بوو بەناوی «فرمانی ئێستەتیکی» منیش دەستبەجێ دانەیەکم لێ کڕی و وەک ئەو خەڵکەی تر ڕیزم بەست تاوەکو فەیلەسووف واژۆ و ناوی خۆیم بۆ لەسەر بنووسێت، لەو نێوەندەشدا خۆم گەیاندە سکرتێرەکەی و خۆم پێناساند، پێم گوت، من ژمارەیەکی زۆری نووسینەکانی ئەوم خوێندووەتەوە و چەند شتێکی بچووکیشم لێ وەرگێڕاون و چەند هەوڵێکیشم داوە بۆ نووسین لەسەری لەبەر ئەوە ئەگەر کاتی هەبێت حەز دەکەم زۆر بەکورتی قسەی لەگەڵ بکەم. خانمەکە بە ڕووخۆشییەکەوە سەرسام بوو، گوتی بەڕێزتان خەڵکی کوێن،گوتم من کوردم لێرە دەژیم. گوتی ئەمە مایەی بایەخی فەیلەسووفەکەمان دەبێت، چاوەڕێ بکە تا لە کۆتاییدا بۆتی ساز دەکەم. چاوەڕێمان کرد تا دوایەمین کەسێکی دەوروبەری تەکییەوە، خانمی سکرتێر بە فەیلەسووفی گوت، بەڕێز سلۆتەردایک ئەم بەڕێزە دەیەوێت قسەتان لەگەڵدا بکات، گوتی بفەرموو، منیش گوتم؛ بەڕێز سلۆتەردایک مایەی ڕێزێکی گەورەیە بۆ من بە دیداری ئێوە شاد بم، من ناوم بەکر عەلییە، کوردم، جار جار نووسینەکانی ئێوە دەخوێنمەوە، چەند شتێکیشم لەسەر نووسیون و هەندێکیشم لێ وەرگێڕاونەتە سەر کوردی، زۆر سەرسام بوو، بە پێکەنینەوە گوتی من بە کوردی دەخوێنرێمەوە، گوتم کورد دەناسیت، هیچ ئاگاداریت لەسەر کێشەی کورد و کوردستان هەیە، گوتی بەڵێ کورد و ئەرمەن چاک دەناسم، ئەو کوردانەشی دەیانناسم هەموویان سەرنجی باشیان لام جێ هێشتووە. گوتم ئەی کەواتە بۆچی لەم کتێبەتدا «با لەرزە» کە باسی تیرۆریزمی کەشوهەوا دەکەن، نموونەکانی شەڕەکانی ئەورووپاتان هێناوەتەوە کەچی باسی هەڵەبجەتان نەکردووە کە حکومەتی عێراقی لەسەردەمی بەعسدا «ئەو ساڵەکەی بۆ تەواو کردم گوتی ١٩٨٨» گازی ژەهراوی دژی کورد بەکارهێناو هەزاران مرۆڤی لە چرکەیەکدا لێ کوشتین، واتە ئەوەی ئێوە پێی دەڵێن ئەتمۆتیرۆریزم و شەڕیگاز، ئێمەش بینیومانە. دیار بوو ئاگای لە ڕووداوەکانی ئەو دەڤەرە هەبوو، بۆیە بەجدیەتێکەوە گوتی ڕاستە وایە.. گوتم پێویستە ئەگەر جارێکی تر لەو بابەتە دووایت ئاماژە بەو تراژیدیایەی کورد بدەن.

بەخۆشحاڵییەوە گوتی پێویستە، بەڵام لەبەرئەوەی کات درەنگ بوو، ئەوانیش بەرنامەی خۆیان هەبوو بۆ چوونە دەرەوە، تەنیا دەرفەتی ئەوەم هەبوو چەند کتێبێکی پێشکەش بکەم، کە لەگەڵ خۆم هێنابوون و بەزمانی ئەڵمانی لەسەر کورد نووسرابوون کە بریتی بوون لە «دوو ژمارە لە گۆڤاری کوردۆلۆگی، کە چەند لێکۆڵینەوەیەکی لەسەر کێشەی سیاسی و نەتەوەیی کوردی تێدا بوون، لەگەڵ کتێبی حیکایەت و ئەفسانەی کوردی کە بەرگەکەی وێنەی زەردەشتی لەسەر بوو، هی نووسەرێکی ئەڵمانی بەڕەگەز کورد بوو بەناوی: کتێبە نەنووسراوەکەی کورد/ حیلمی ئەباس. شایانی باسە بەم کتێبانە زۆر دڵخۆش بوو، هەر قاقای لێ دەدا.» زۆر بە خۆشحاڵییەوە وەریگرتن و سوپاسێکی زۆری کردم و داوای لێکردم ئەو شتانەی لەسەری بە کوردی نووسیومن بۆی بنێرم، بۆ ئەم مەبەستەش ناوونیشانی زۆر تایبەتی خۆی پێدام و چەند وێنەیەکیشمان پێکەوە گرت و گوتی تا دیدارێکی تر با پێوەندیمان هەبێت و هیوای ئێوارەیەکی خۆشتان بۆ دەخوازم. بۆ من ئەو دیدارە یەکێکە لە هەرە خۆشترین ساتەکانی ژیانم، بە نیازیشم لە دەرفەتێکدا چەند پرسیارێکی ئاراستە بکەم.

وەک پێشتر ئاماژەم پێدا، ئەو بۆ ناساندنی کتێبەکەی لە زۆربەی شارەگەورەکانی ئەڵمانیادا کۆڕ و دیدار و سەمیناری جۆراوجۆری گێڕاوە، ئەمەش کارێکە هەموو نووسەر و فەیلەسووفێک لێرە لە حەوسەڵەیدا نییە بیکات. هەروەها لەبەر ئەوەش کە کتێبێکە وەک هەر

کتێبێکی تری ئەو، بەزمانێکی زۆر نائاشنا نووسراوە، دارشتنی زمانی کتێبەکە لە بڵندترین ئاستی هونەری زمانی ئەڵمانیدایە کە نەک هەر بۆ خوێنەری سەرەتایی وەک ئێمەمانان سەختە، بەڵکو بۆ خودی ئەڵمانەکانیش سەختە، لەبەرئەوەی لەلایەک ئەو باوەڕی وایە دەبێت ئەو گەمارۆیەی لەسەر زمانی نەتەوەیی ئەڵمانی هەیە لابرێت تاوەکو زمانێکی ئەورووپی بەرجەستە ببێت، لەم پێناوەشدا سەرجەمی نووسینەکانی ئەو پڕن لە دەستەواژەی زمانە جۆراوجۆرەکانی ئەورووپا، بێگومان ئەو زمانانەی کە شارستانییەتیان پێ نووسراوەتەوە وەک گریکی، لاتینی، فەرەنسی و ئینگلیزی، بەڵام لە ڕاستیدا مەسەلەکە هەر هێندە نییە کە ئەو لە ڕووی فەرهەنگییەوە زمانەکانی تر تێهەڵکێش بە زمانی ئەڵمانی بکات، ئەگەر وەها بێت گرفت نییە، خوێنەر دەتوانێت بە بڕێک خۆماندوو کردنەوە پەنا بەرێتە بەر لە کسیکیۆن و فەرهەنگەکانی زمان و کارەکەی بۆ ئاسان بکەن، بەڵکو من وای دەبینم گرفتەکە لەوێدایە کە ئەو دێت و دەستکاری زمانە بنەڕەتییەکەش دەکات و وەکو ئەکرۆباتێک یارییەکی ئەوتۆ بە چەمکەکان دەکات کە خوێنەری زمانە بنەڕەتییەکەش سەرسام دەبێت پێی و پێویستی بە بەکارهێنانی فەرهەنگ دەبێت. بەلایەکەی تریشدا ئەو پێیوایە قەیرانی هەنووکەی بیری خۆرئاوا بەندە بە گەمارۆدانی زمانەکەیەوە، بۆیە ئەوەی فیکری ئەورووپی ئێستا پێویستێتی زمانێکی تر و فیلۆلۆگیایەکی ترە. ئەو لە هەموو کارەکانیدا کاری بۆ ئەو زمانە نوێیە کردووە، وەک لە دیدارێکدا لەمەڕ زمانی سەیری ئەو کتێبەیەوە پرسیاری لێ دەکرێت و دەڵێت: «ئێمە دەبێت خەمی دارشتنی هیگینێکی باڵای زمانمان هەبێت، لەبەرئەوەی ئێمە ئەمڕۆ بەدەست هەژارییەکی سامناکی گوزارەکانەوە لە دنیای سیاسەتدا دەناڵێنین، ئەمڕۆ ئێمە زەلیلین لەوەی کە بتوانین ناوی نوێ لە ڕووداوە نوێکان بنێین، بەڵام لە هەمان کاتیشدا دەبێت خۆمان لەوە بپارێزین کە ناوە مێژووییەکان بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دووبارە بەکاربهێنینەوە. بە نموونە با شیکردنەوەی چەمکی «چینەکانی کۆمەڵگا» وەربگرین کە من لە «تووڕەیی و کات» دا ئەم چەمکەم دووبارە بەکارهێناوەتەوە، بەڵام ئاگاداری ئەوەشم لە دووبارە وەرگرتنەوەی زاراوەناسی «مارکس» بۆ چەمکی «چینایەتی»، چونکە ئەم گوزارەیە هەڵگری جۆرێک لە کوشتنی کۆگەلییە، واتە ئەوەی لەژێر دروشمی مارکسیزمدا لەبارەی «چینایەتی»یەوە بدوێت وەک ئەوەیە جۆرێک لە کوشتنی کۆگەلی پیادە بکات.». ئەمە سەرباری بیر تیژی و قووڵی بیرۆکەکانی ئەو کە ئەوەی بەلایەنی کەمەوە هێڵێک لە هێڵەکانی فەلسەفەی خۆرئاوا شارەزا نەبێت، مەحاڵە بتوانێت لە تاکە دێڕێکی ئەو تێبگات، بەڵام ئەمە بەوجۆرە نییە کە تێگەیشتنی شتێکی نەکردەو نەشیاو بێت، چونکە هەموو فیکرێکی ڕەسەن چەندە تەمومژ چواردەوری تەنی بێت و چەندێک چڕوداخراو بێت، خوێنەری ڕەنجکێش دواجار دەتوانێت کەلێنێک، کلاوڕۆژنەیەک، کلیلێک بدۆزێتەوە، کەواتە مەسەلەکە تەنیا لەوێدایە کە خوێنەر دەبێت ڕەنج و کۆششی نەپساوەی هەبێت نەک بە تەمەڵی دەم پان بکاتەوەو گوێزی پاککراوی بۆ بێتە بەردەم، بەم پێیە کارەکانی پیتەر سلۆتەردایک دەشێت لە کاری گەلێک فەیلەسووفی تر ڕۆشنتر بێت، بەڵگەش لێرەدا خۆخەریک کردنی ئێمەیە بەوەوە، واتە مادامەکی من چێژێکی گەورە لە خوێندنەوەی کتێبەکانی ئەو وەردەگرم ئەوا بەخۆماندووکردنێکی زۆرەوە بەردەوام دەبم لە خوێندنەوەی کارەکانی، نەخاسما کارەکانی ئەو تەنیا توێژینەوەی فەلسەفەی ئەبستراکت و ڕووت نین، کە تەنیا بۆ هۆڵەکانی زانکۆ نووسرابن، بەڵکو لەبەرئەوەی کارەکانی ئەو هەوڵدانی شیکردنەوەی هەموو کایە و دیاردەکانی ژیانە بە زمانێکی فەلسەفی باڵا، کە پڕیەتی لە شیعریەت ئەوە سەرچاوەیەکی گەلێک گونجاون بۆ تینوێتی شکاندنی ڕۆح و عەقڵ پێکەوە تەنانەت لای ئەو کەسانەشی کە نائەکادیمین، حاڵەتێک کە ئێمەش لەخۆ کۆششکردن بەخوێندنەوەی کارەکانی ئەوەوە پێمان گەیشتووە سلۆتەردایک لە وەڵامی پرسیارێکدا سەبارەت بە نهێنی توانای ئەفسوونی دارشتنی میتافۆری زمانەوانی لای ئەو دەڵێت: «من هەمیشە خۆم بە نووسەرێکی فەیلەسووف داناوە، لەم ئەرکەشدا من خوێنەرانم وەڕس نەکردووە، بەڵکو هەموو ئەو چەمکانەی تاوەکو هەنووکە بەکارهێنراون من دێم و کەمێک لەجێی خۆیان دەیانترازێنم و بەس، واتە بابڵێین من لەژێر ئاسمانێکی تردا دەنووسم، نەک لەژێر ئەو کەشوهەوا باوەی کە بەسەر زۆرینەی کۆمەڵگا و دەوروبەر و سروشتدا زاڵە.».

کتێبی «تووڕەیی و کات» هەوڵێکی سیاسی/

سایکۆلۆژییە لە گۆڕینی مانای مێژووی جیهان لەڕێی ڕۆچوونە ناو دیاردەی «تووڕەیی» لە مانا سیاسی و دەروونی و ئایینی و کولتووری و کۆمەڵایەتییەکەیەوە. دیاگنۆزەکردن و دەستنیشانکردنی جیهانی هاوچەرخمانە لە ڕۆحی مێژووەوە و لەناو فۆرمێکی زۆر تایبەتی کولتووریدا. شیکارێکی زۆرناباوی ئەو هەستانەی ناوەوەمانە کە بەشدارییەکی کارایان لە پێکهێنانی دنیای دەرەوەماندا هەیە و تاوەکو هەنووکە فیکر دەستی لێنەداون و فەرامۆش کراون. ئەو لێرەدا ڕەخنە لە شیکاری دەروونی باو دەگرێت کە وزەی «تۆڵە»ی وەکو غەریزەیەکی لاوەکی تەماشاکردووە. بۆیە ئەو لەم پرسیارەوە دەست پێدەکات، ئایا ئەوە هێزی کام غەریزەی ورووژێنەرانەن کە وزەی ڕەفتارەکانی مرۆڤ ڕەها دەکەن. بۆ سەلماندنی ئەم تێزەیەشی ئەو دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەرەتا، واتە بۆ لای گەنجینەی گریکەکان و بە دیاریکراوی بۆ لای هۆمیرۆس کە پێیوایە «تووڕەیی» وەکو کاریگەرێکی سامناکی مرۆیی لە «ئەلیادە»دا ئامادەیە و لە نموونەی ئەخیلیۆسیش-دا باس لەوەدەکات چۆن ئەم پاڵهێزە گاه دەبێتە مایەی شەڕ و گاه دەبێتە مایەی خۆشی. سلۆتەردایک لە لاپەڕەکانی ١١ و ١٢ی کتێبەکەدا ئەوە بە هەڵە دادەنێت ئەگەر تووڕەیی ئەخیلیۆس بە تووڕەییەکی موقەدەس وەک تووڕەییەکەی موسا یان تووڕەیی خودا تەماشا بکەین، بەڵکو مەبەست لە تووڕەیی بریتییە لە پەلاماری مرۆڤ لەشێوەیەکی پڕۆفانەدا (ناموقەدەسدا)، چونکە ئەلیادەی هۆمیرۆس باس لە ئاکامە تراژیدییەکان و لە هەمانکاتدا پاڵەوانێتییەکانی ئەخیلۆس دەکات، لەو داستانەدا هۆمیرۆس یەکەمین ڕستەی بە باسکردنی «تووڕەیی خودا» دەست پێدەکات. سلۆتەردایکیش بەتێڕامانکردنی لەسەر یەکەمین دێڕی ئەو کتێبە، دەرەنجامی ئەوە دەکات کە سەرەتای کولتووری خۆرئاوا «تووڕەیی» بناغەی دارشتووە. ئەو هەر لە ڕابوردوودا نامێنێتەوە، بەڵکو دەستنیشانی ڕۆڵی تووڕەیی بەدرێژایی مێژوو لای کڵێسەی کاتۆلیکی و لای شۆڕشی فەرەنسی و لای کۆمۆنیزمی سەدەی ٢٠ و لە کولتووری تووڕەیی ئیسلامگەرە توندڕەوەکاندا و لە دۆخی هەنووکەشدا دەکات و ئاسۆکانی ئایندەشمان بۆ دەخاتە بەردەست.

ئەو گرفتانەشی هەنووکە لە ئارادان بەپێی سلۆتەردایک، سیناریۆکانیان لەمێژە نووسراون. کەواتە هەموو مێژوو بە کولتووری تووڕەیی دەست پێدەکات. ئیدی چەمکی سەرەکی کتێبەکە بریتییە لە «تووڕەیی/ تیمۆس» کە بە زمانی گریکی مانای ئەو ئۆرگانە دەگەیەنێت کە بەرپرسیارە لە هەڵچوون و خرۆشاندنی تووڕەیی. واتە سلۆتەردایک «تووڕەیی/ تیمۆس» دەخاتە پاڵ «خۆشەویستی/ ئیرۆس» و بەمەش دەخوازێت ئەنترۆپۆلۆژیای شیکاری دەروونی ڕاست بکاتەوە کە تاوەکو ئێستا مرۆڤی وەکو «قەرەقۆزی خۆشەویستی» وێناکردووە، واتە شیکاری دەروونی باو مرۆڤی وەکو وەحشێکی کیسە پڕ لە ئیرۆتیک و سێکس وێناکردووە کە هەمیشە دەکەوێتە ژێر بار و ڕکێفی و جەبری هەڵکشان و داکشانەکانییەوە. بەپێی فرۆید تووڕەیی ئەوەیە کاتێک ئیرۆس بەناتەواوی بەرزبێتەوەو هەڵبچێت. بەمەش سلۆتەردایک دێت و هاوتا لەگەڵ غەریزەی «ئیرۆس/ پاڵهێزی خۆشەویستی»دا غەریزەی «تیمۆس/ کە دەستگای تووڕەیی مرۆڤە» بە دیوێکی تری ڕاستەقینەی دەروونی مرۆڤ تەماشا دەکات. وەک دەبینین مرۆڤی مۆدێرن لە شارستانییەتەکانی خۆرئاوا و خۆرهەڵاتیشدا نوقمی کولتووری ئیرۆتیکی بوون کە پاڵهێزی غەریزەی ئارەزووکردنی شتەکانی وەک پارە و سێکس لە هەموو پاڵهێزەکانی تر بەهێزترە، ئەو دەڵێت «ئێمە دیوە ئەفسانەییەکەی تووڕەیی و ڕێزدارکردنە جەنگاوەرییەکەی تووڕەییمان وەلاخستووە.» لێرەوە سلۆتەردایک دەخوازێت شوێنێک و کایەیەک بکاتەوە بۆ ئەم دیاردەیە کە پاڵهێزی هەموو ڕووداوەکانی مێژوو بووە و کەچی چ شوێنێکی لە شیکارکردندا پێ نەبەخشراوە. ئەمەش ستراتیژی ئیشکردنی ئەوە، هەر لە سێینە کتێبی «کایەکان»ەوە خواستوویەتی جۆرێک لە ئۆنتۆلۆگیا ببەخشێت بە دیاردە هەناوگەرییەکان و ڕۆحییەکانی مرۆڤ، لەم ڕووەوە ڕەخنەگرێکی ئینگلیزی ناوی لێناوە «پیتەر سلۆتەردایک، دەروونناسێک لە فەزای دەرەوەدا». بەم مانایە ئەو چەمکی ئۆنتۆلۆگی لە کتێبی «بوون و کات»ی هایدیگەردا دەگوێزێتەوە بەتێگەیەکی سایکۆلۆژی لە کتێبی «تووڕەیی و کات»دا. دیارە وەک خۆی لەسەرەتای کتێبەکەدا دەڵێت، مەبەستی ئەو لە «کات» واتە «مێژوو»ە، بەڵام ئەگەر لای هایدیگەر زەمانییەت و مێژوو لە «بوون بەرەو مەرگ» دا بەرجەستە بێت، ئەوا لای سلۆتەردایک وەهانییە، بەڵکو «پێشبرکێ و بەربەرەکانێ» زەمانییەت و مێژوو دروست دەکەن.

بەمەش سلۆتەردایک شیکردنەوەی باوی دەروونناسی بۆ چەمکەکانی ئیرۆس و تانتانۆس دەباتە سەر ڕێگایەکی ڕاستتر بەوەی غەریزەی مەرگ وەکو «بونیادێکی سەربارخراوی درەنگ وەخت» بۆسەر «ئیرۆس» هەڵدەوەشێنێتەوە. واتە ئەم کتێبە نەک هەر بەناونیشان لە کتێبەکەی مارتن هایدێگەرەوە نزیکە، بەڵکو بەپێی ناوەڕۆکەکەشی بێت توخمێکی گرنگی لە کتێبی «بوون و کات»ی هایدێگەرەوە خواستووە. وەک چۆن هایدێگەر ویستی لە دوای نیتشەوە تیۆلۆگیایەکی سێکولار (علمانی) یاخود بەزمانی خۆی بڵێین ئۆنتۆلۆگی دابمەزرێنێت، سلۆتەردایکیش بەم کتێبەی دەخوازێت ئەو ڕەوتە سێکولار و ئۆنتۆلۆگییە لەناو شوێنێکی دەروونی مرۆڤدا ساتار بکات.

کتێبەکە لە دەروازەیەکی درێژ و چوار بەش، لە دووتوێی ٣٥٦ لاپەڕەدا جێی بۆتەوە، بەشی یەکەمی کتێبەکە وەک ئەوەی لەسەرەوە کورتەیەکیمان نووسیبەوە بریتییە لە پشکنینی مێژوویيانەی دیاردەی «تووڕەیی»، لە ناو کولتووری ئەورووپیدا و پێوەندی ئەم پاڵهێزە بە جەنگەکان و بە هەستە خرۆشێنەرەکانی وەک «سەربەرزی» و «شانازی»ەوە، هەڵبەت لەناو یاریکردنێکی زیرەکانە بە وشە و گوزارە و ڕستەی نوێی ئەوتۆ کە تاوەکو هەنووکە بە هیچ مەرەکەبێکی ئەڵمانی نەنووسراوە. ئەو لە کاتی خوێندنەوەی دەقەکەدا، بەو دەستەواژە و گوزارە سەیرانەی بەکاری هێناون لە نووسینی ئەم بابەتە تووڕەیی هەژێنەدا چەندین جار ئامادەبووانی هێنایە خەندە و پێکەنین. دەستەواژەی وەک «بانکی تووڕەیی» و «ئابووری تووڕەیی» کەڵەکەکردنی تووڕەیی، یادەوەری تووڕەیی، پرۆژەی تووڕەیی و کارگێڕی جیهانگیریانەی تووڕەیی. ئاماژەن لەسەر ئەو شوێنانەی کە تێیاندا «تووڕەیی» کۆ دەکرێتەوە و پاشەکەوت دەکرێت و دواجار بە ئۆرگانیزە دەکرێت و دەخرێتەگەڕ.

لەناو کولتووری کوردیشدا پێموایە ئەم چەمکە کلیلێکی گونجاوە بۆ کردنەوەی دەرگا کڵۆمدراوەکانی سایکۆلۆژیای سیاسیانەی مێژووی کورد. بە نموونە؛ ڕاپەڕین گەورەترین ساتەوەختی هەڵڕشتنی ئەو تووڕەییە کەڵەکەبووەی ناو بانکی کوردی بوو کە بەڕووی داگیرکەراندا تەقییەوە. لە ئاستی تووڕەیی کۆمەڵایەتیشدا دەتوانین بڵێین تەقینەوە یەک لەدوای یەکەکانی جار جارەی کوردستان بەڕووی دەستەڵاتدارانی کوردیدا نموونەیەکی دیارن لەسەر کەڵەکەکردن و پاشەکەوتکردنی تووڕەیی هاووڵاتیان لەناو کۆمەڵگادا، دەسەڵاتی کوردی هێندەی سەرقاڵی تووڕەکردنی خەڵکە هێندە خەریکی ناز بەخشین نییە بە هاووڵاتییەکانی، گێلێتییە پێمان وابێت کردنەوەی بازاڕەکانی ناز سیتی و پاساجەکان لە هەنووکەدا کە دنیایەک گەندەڵی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت، ئاماژە بن لەسەر ناز پێدان بە ژیانی هاووڵاتیانی هەرێم و مانای ئەوەش ناگەیەنێت کە ئەوان پرۆژەی درێژخایەنیان دامەزراندووە، بەڵکو پرۆژەی درێژخایەن کە دەبێتە شادەماری هەموو کۆمەڵگایەکی زیندوو لەوەدایە تۆ پرۆژەی کاری بەرهەمهێن بەرپا بکەیت، لەوەدایە هاووڵاتییەکانت لە بوونەوەری مشەخۆرەوە بکەیتە بوونەوەری ئیشکەر، بەبێ ئیشکردن هیچ بوونەوەرێک نییە بتوانێت ڕێز لە ژیان بگرێت و درێژە بەژیان بدات، لێرەوەیە دەسەڵاتی کوردی هەڵە دەکات پێی وابێت ئەو بە دامەزراندن وبەفەرمانبەرکردنی هەموو دانیشتووانی شار و گوندەکان نەخشەی کارکردن و ستراتیژی بەرهەمهێنانی کۆمەڵگای نوێی داڕشتووە و بەمەش نازی بەخشیوە بە ڕۆڵەکانی لە کاتێکدا دەبینین ئەم نەخشەیە چ گەندەڵییەکی هێنایە ئەو دنیایەوە بەڕادەیەک خودی ئەو فەرمانبەرە نازپێدراوە بێ بەرهەمانەش لەم ستراتیژە تووڕەن، بۆیە بێ هۆ نییە «بانکی خەڵک» تەنیا «تووڕەیی» تێدا پاشەکەوت دەکرێت، ئیدی سەیرنییە خەڵکی ئەو دەڤەرە چەندین ساڵە ڕق و تووڕەیی بەرانبەر بەو ناعەدالەتی و ناڕەوایەتییە گل دەدەنەوە کە بووەتە تارماییەک بەسەر ئەو دەڤەرەوە تا لەم دواییانەدا توانیان برێکی لێ هەڵبڕێژن، وەلێ کەماسی هەڵڕشتنەکە لەوەدابوو کە ئەو جۆرە تووڕەییانە لە ڕووی دەستەڵاتدا باش ئۆرگانیزە نەکرابوون هەر بۆیە چ ئاکامێکی ئەوتۆی نەخستەوە. ئەگەرنا «تووڕەیی» مادەیەکی بەپێزە بۆ هەوێنکردنی هەویری هەر شۆڕش و یاخی بوونێک، چونکە تووڕەیی دەشێت پاشەکەوت بکرێت و بشخرێتە ناو پرۆژەی وەبەرهێنانەوە، وەک ئەوەی هەنووکە لە کوردستاندا ڕوودەدات کاتێک سیاسییەکان گێلێتی خۆیان لەوەدا دەردەخەن پێیانوایە خەڵک گێلن و بە هەموو جۆرێک ملهوری دەستەڵات دەبن، بەڵام ئیتر دەبێت لەوە تێبگەن کە کۆمەڵگا بانکێکە بۆ پاشەکەوتکردن و وەگەڕخستنی

«تووڕەیی» و چاوەڕێی ساتەوەختی سروشتیانەی خۆیەتی بۆ هەڵڕشتن، ئەگەر هێزێکی ریفۆرمخوازی دادوەر هەبێت دەتوانێت ئەو جەماوەرە تووڕەیە مۆبیلە بکات و شۆڕشێکی تووڕەیی پێ ئۆرگانیزە بکات، چونکە تووڕەیی لە جەوهەریدا دیوێکی پەیوەستە بە کێشەی نادادوەری سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە، بەڵام جەوهەری گرفتەکە لەوێدا مت بووە کە کۆمەڵگای کوردی لە ئێستاداو لەوانەشە بۆ ئایندەیەکی درەنگتریش ئەو هێزە شک نەبات چ چەپ چ ڕاست بێت کە بتوانێت ئۆرگانیزەی تووڕەیی هاووڵاتیان بکات.

ئەم تێزەیەی سلۆتەردایک پێمان دەڵێت، «تووڕەیی» تەوەری هەموو ململانێکانی مێژووی مرۆڤایەتی دەسووڕێنێتەوە، واتە مێژووی تووڕەیی لە بەرەبەیانی هەبوونی مرۆییەوە لەناو حیکایەتەکانی ئایین و ئەفسانە و شۆڕشەکاندا تاوەکو ئایدیۆلۆگیا سیاسیەکان و کۆدێتاکانیشدا ئامادە بووە. گەر بگەڕێینەوە بۆ سەرەتایەکی دێرینتریش، دەبینین لەناو کتێبی پیرۆزدا «بیبل» لە چیرۆکی ئەفراندندا «گەنەسیس/ سفرالتکوین»دا باس لە براکوژی هابیل و قابیل کراوە، کە کوشتنەکە بەرەنجامی کەڵەکەکردنی تووڕەییە، چونکە مەسەلەکە دەربارەی هەڵچوونێکی خۆڕسکی و هەڕەمەکی و خۆڕاییی نییە، بەڵکو شتەکە پتر یادەوەری تووڕەییمان پیشان دەدات. بەشی دووەمی کتێبەکەی لەژێر ناونیشانی (خودای تووڕە) ڕێگا بەرەو دۆزینەوەی بانکی میتافیزیکیانەی تۆڵە، لاپەڕەی ١١٣ بۆ ١٦٩ی گرتووەتەخۆ. لە کۆڕەکەشدا پتر لاپەڕەکانی ئەم بەشەی بۆ خوێندینەوە، چونکە بەلایەوە ئەمە پەسەندکراوترین بەشی کتێبەکەیە، کە تێکڕای ڕەهەندەکانی خودا و ئایینمان لە ئێستاوە بەرەو ڕابردوو هەروەها بەرەو داهاتووش بۆ ڕاڤە دەکات.

کەواتە ئەمڕۆش ئەوەی لە کڵێسەی کاتۆلیکیدا بە «تووڕەیی خودا» ناودەبرێت و ئەوەشی لە سیستمی کۆمۆنیزمدا وەک ڕق و تووڕەیی بەرانبەر دنیای سەرمایەداری هەبوو، تیرۆریزمی هەنووکەی ئیسلامیش هەموو بریتین لە هەڵڕژانی ئەوەی لە «بانکی تووڕەیی»دا پاشەکەوتیان کردبوو.

سلۆتەردایک بەم تێزەیە جارێکی تر تەواوی مێژووی خۆرئاوا و مرۆڤایەتی لە دیوێکی تەواو نوێوە دەنووسێتەوە. ئەو باس لە وەرچەرخانی غەریزەی «تووڕەیی و ڕق» دەکات بەرەو جەوهەرێکی چالاک و بەرهەمهێن. واتە دەخوازێت دیوە پۆزێتیڤییەکەی «تووڕەیی» بدۆزێتەوە. مێژووی شارستانییەتی خۆرئاواش گرێ دەداتەوە بە کارپێکردنی ئەم غەریزەیە بە هەردوو ئاراستەکەیدا، واتە بە دیوە پۆزەتیڤەکەی و نێگەتیڤەکەیدا. ئەو پێی وایە تووڕەیی غەریزەیەکە تەنیا هێزی ڕووخێنەر و وێرانکەری لێناکەوێتەوە، بەڵکو دەشێت پاڵهێزێکی بەرهەمهێنیش بێت. سلۆتەردایک لەسەر بنەمای ئەم دۆخەدا «دەستگای تووڕەیی»یە گەورەکەی خۆرئاوا دەنووسێتەوە. لە پاڵ ئەوەشدا کارابوونی ئەم غەریزەیە لە تەواوی کاروانی خۆیدا و لە هەموو کایە و بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیاندا دەنووسێتەوەو ڕاڤەیان دەکات، وەک لەناو ئایینە مۆنۆتایستەکان (جوولەکایەتی، مەسیحایەتی، ئیسلامایەتی) و ئیدیۆلۆگیای تووڕەیی سەردەمی ڕۆشنگەری و ڕێبازی ئازادی لە شۆڕشی فەرەنسیدا کە دواجار بووە مایەی زیاتر بەکارهێنانی «گیلۆتین/ مەقسەڵە» و غەزەواتەکانی ناپۆلیۆن. هەروەها سیستەمی تووڕەیی لەسەدەی ٢٠دا کە بەسەدەی «توندڕەوی» ناوزەدکراوە و لە شۆڕشی کۆمۆنیزمیشدا، ئەمانە هەموو دەخاتە پاڵ یەک. لێرەوەیە ئەو نەک هەر درێژە بەبەکارهێنانی تێگەی «ڕق و کینە/ ریسەنتیمێنت» لای نیتشە دەدات، لەناو مێژوویەکدا کە «ڕق بەرانبەر ژیان» بووەتە شتێکی کرۆنیکی، کە هەر لەم حاڵەتەشەوە مرۆڤ وێنەی «دوژمن»ی بۆ خۆی وێنا کردووە، بەڵکو سەرباری ئەوەش سلۆتەردایک شیکاری «کارپێکردنی تووڕەیی» لە ڕووی سیاسییەوە و بە ئۆرگانیکردنی ئەم غەریزەیە بەشێوەیەکی زۆر توند لەناو مێژوودا، بەوردەکارییەکی هونەرییەوە یەکالا دەکاتەوە. واتە هەوڵی دەرخستنی فۆرمی مێژوویيانەی دیاردەی «تووڕەیی» بەشێوەیەکی کۆنکرێتی دەدات، نەک تەنیا لەناو تیۆرە ڕووتەکاندا بمانخولێنێتەوەو بۆ ئەم تێزەیە چەندین حاڵەت لە قۆناغە جیاجیاکانی مێژووی مرۆڤایەتیدا شیکار دەکات، وەک کۆمۆنیزم و نازیزم کە هەریەکەیان دوژمنەکەی خۆیان وەک «چین» و وەک «ڕەگەز» وێنا کردووە. هەروەها ئەو چەمکی «جبەخانەی هەڕەشە» بەکاردەهێنێت بۆ «دۆزەخ» لەناو گوتاری ئایینە مۆنۆتایزمەکاندا و دیدی قیامەتبینی پێغەمبەرانە و سیستمی دۆزەخی پەیامبەرەکان تێکڕا بریتین لەو چەمکانەی دەکەونە بەر تیغی تیژی ڕەخنەی

سلۆتەردایکەوە ئەو دەڵێت «دۆزەخ ئەو شوێنەیە کە بەشێوەیەکی ناڕەوا هەموو شتێکی تێدا هەڵدەگیرێت بۆ ڕۆژێک کە هاوسەنگکردنەوەی ئازارەکانی تێدا بەڕێ بکات.» لە بەشی سێیەمی کتێبەکەدا بەناونیشانی «شۆڕشی تووڕەیی» کار لەم کێڵگەیەدا دەکات. ئەمە بەبێ ئەوەی فاشیزمی چەپ و ڕاست لە سەدەی ٢٠دا لەم ڕەخنەیەی سلۆتەردایک هەموار کرابن، چونکە بزووتنەوەی چەپ کە لە ماوەی ٢٠٠ ساڵی ڕەبەقدا تاوەکو ئێستا هەرچییەکی بەئەنجام گەیاند بێت، ئەوا ئەمڕۆ چیتر ئەو هێزە کارایە نییە. ئەو دەڵێت: «ئێمە نابێت باوەڕ بەوە بکەین کە سۆسیال دیموکراتی کۆن حیزبێکی بەکاربەری بوو، بەڵکو ئەو بزووتنەوەیە بوو کە هەستی شانازی کرێکارانی تێدا ورووژێنرا. هەروەها ناشبێت باوەڕمان وا بێت کە ئەنارشیزمیش کۆمەڵەیەکی کۆنسومی بوو، بەڵکو پیلانگێڕێکی دڵخۆشی تۆڵەسەندنەوە بوو کە دواتر خۆی گۆڕی بۆ بزووتنەوەیەکی زۆر تاریکی پرۆتۆفاشیستی «سەرەتای فاشیستی» کە هەڵگرەکانی ئەو ئیدیالیستانە بوون کە هەوڵیان دەدا بە بۆمبا بفەلسەفێن.». هەروەها دەڵێت «یەکەمین کەس کە توانی بانکی جیهانی تووڕەیی دابمەزرێنێت کۆمۆنیزمی لینین بوو». بۆ ئەمەش ئەو دەستەواژەی «بانکایەتی تووڕەیی» دادەڕێژێت کە لێیەوە مێژووی تووڕەیی ناو کولتووری خۆرئاوا بۆ پتر لە ٢٥٠٠ ساڵ دەستنیشان دەکات. «لە ٢٥٠٠ ساڵی ڕابردوودا و لەگەڵ بەرپابوونی کولتووری شار و کولتووری ئیمپریالی و دیموکراتیدا، تەنیا یەک جۆر مرۆڤ داواکراو بوو، ئەویش ئەو مرۆڤەیە کە دەبێت هەستە شانازی بەخشەکانی خۆی بخاتە ژێر کۆنترۆڵی چەپاندنەوە.». لەناو سیستەمی ڕێکخستنە ڕۆحییەکانی مرۆڤدا ئەوا جیاوازیەک دەخاتە نێوان ئیشکردنی هەستی (تووڕەیی/ تیمۆس) کە دەبێتە مایەی «خرۆشاندنی شانازیمان» و نێوان هەستە ئیرۆتیکییەکانمان، واتە نێوان هەموو ئەو هەستانەمان کە پێوەندییان بەچێژ و ئارەزووەکانمانەوە هەیە، چونکە وەک ئەو دەڵێ: «مرۆ لە ئارەزووەکانیدا پتر گوێ بۆ چنۆکی ڕادەدێرێت وەک لە خۆشەویستی»، لەم سیستەمی ڕێکخستنەشدا ئیدی ئێمە هاوسەنگێتی خۆمان بزردەکەین، چونکە پرۆسێسی بەشارستانیبوون ئێمەی کردووە بە کەسانی ئیرۆتیکی گێل و بە کۆنسومیستی (بەکاربەری) چاوچنۆک. پرۆسێسی شارستانییەت لەسەر تێچووی هەموو سەربڵندی و شانازی و شکۆ و دواجاریش هەموو تووڕەیی ئێمە بەڕێوە چووە.

سلۆتەردایک، بەپێی ئەوەی لە کتێبی تەوراتدا باسی خودای ئیسرائیل نیشاندراوە، کاردەکات بە مانای مێژوویيانەی کولتووری تووڕەیی لە ئایینەکاندا، چونکە ئاماژەکانی ئاینزای ئەنتیکی جوولەکایەتی بریتین لە «دۆزەخی خودای تووڕە و دوایەمین دادگای دنیا و دوارۆژ»، وەکو دوایەمین پایەگای سزا و سزادانی مرۆڤ، کە پشت دەبەستێت بە بنەمای یادەوەرییەکی ناڕەوای یەزدانی و پەیمانی تۆڵەسەندنەوە لە مرۆڤ. واتە لە کایەی ئایینیشدا کلێسە ئەم چەپاندنەی لەڕێی بیرۆکەی «خودای تووڕە» و «دۆزەخ»ەوە، وەکو یادەوەرییەک کە مەحاڵە لێی قوتاربیت، داوای کردووە. واتە تووڕەیی دەبێتە گوناهی مەرگ.. «یەزدانی یادەوەرییە باشەکان بریتییە لە مەرجی بنەڕەتی تووڕەیی، چونکە لای ئەو یاسای کەڵەکەکردنی تووڕەیی هەیە.». کە ئەمە لە تەوەری بەشی چوارەمدایە و دەپرسێت: ئایا ئیسلامی سیاسی دەتوانێت بانکێکی جیهانی نوێی یاخیبوون دامەزرێنێت؟ وەڵامەکەی بێگومان نەخێرە. بۆ ئەمەش ئەو ڕەخنەی توند لە ئیسلامیزمی ڕادیکاڵ دەگرێت کە ئەمڕۆ لە پاش هەرەسی کۆمۆنیزمەوە دەخوازێت وەک تاکە دۆگمای جیهانی کە هەڵگری ئایدیۆلۆژیایەکی تۆڵەسەنێرەوەیە لە دەرکەوتنی «لاوانی تووڕە»دا خۆی نمایش دەکات کە جگە لە سزادان چ شتێکی تری پێ ناکرێت. واتە ئیسلامیزمی سیاسی کە وەک هەڕەشەیەک لە جیهان دەردەکەوێت توانستی ئەوەشی تێدا نییە وەکو کۆمۆنیزم ببێتە «بانکێکی جیهانی بۆ تووڕەیی»، یان ببێتە چەترێک تووڕەکانی جیهان لەژێریدا کۆببنەوەو شۆڕش بەرپا بکەن. لەبەرئەوەی ئەم بزووتنەوە لاسارە مەرجە سیاسیەکانی ئیمۆراتۆریەتێکی جیهانیان هەڵنەگرتووە، ئەمە جگە لەوەی لە ڕووی هەبوونی مەرجەکانی تەکنەلۆژیا و زانست و ئابورییەوە هەژارن. لەبەرئەوە لە خۆڕا نییە دواجار ئەگەر بۆ خۆی دوژمنێک لە دەرەوە پەیدانەکات ئەوا تورەییەکەیان لەسەر خاکی خۆیاندا بۆ شەڕێکی ناوخۆ بەگەڕ دەخەن. کێشەی نێوان سونە و شیعە لە عێراقدا و پەلامکاری سەنتەری بازرگانی جیهانی لە نیویۆرک و شەڕی هەشت ساڵەی عێراق/ ئێران بەرەنجامی هەڵکشانی تووڕەیی و توندڕەوی ئیسلامی سیاسین.

دیاره ئەو مژدەیەی سلۆتەردایک دەیدات بە گوێماندا بریتییە لە «کۆتایی مێژوو» و سەردەمی «پاش مێژوو» کە ئێمە لە ساتەوەختی مایەپووچ بوونی دامەزراوە گەورەکانی توڕەییەوە هەناسەی پێ دەدەین. ئەوەشی ئەمڕۆ «گەنجە تووڕە ئیسلامیستەکان» دەیژێننەوە، بریتییە لە دووبارە بارگاویکردنەوەی ئیسلامی مۆنۆتایست (یەکتاپەرستی)، بەو تووڕەییەی لە «بانکدا پاشەکەوت کراوە» لەلایەن «دۆڕاوە خراپەکانی مێژووەوە»، ئەوەش بریتییە لە شانۆیەکی کۆمیدیای هەرێمیانەی مێژووی «تووڕەیی»، لێرەوەیە ئەو تێزەکەی فۆکۆیاما «کۆتایی مێژوو» پەسند دەکات. مێژووش هیچ نییە جگە لە مێژووی پرۆسەی گلۆباڵگەرایی. سەردەمی زێڕینی تووڕەییش لای ئەو بریتی نییە لە ڕابردوو، بەڵکو پتر دەکەوێتە ئایندەوە ئەو چەمکی «لەو دیوی کینەوە»ی نیتشە بەرفراوانتر دەکات بۆ داهاتوو. لێرەوە سلۆتەردایک دەبێتە خوێنەرێکی دیموکراتیانەی بیری نیتشە، چونکە ئەو پێی وانییە عەدالەتی جیهان بکەوێتە ئەودیوی ژیانەوە، بەڵکو دەکەوێتە ناو ئەو مێژووەی کە لەسەرزەمین ڕوودەدات. ئەو ئاسۆیەشی مژدەکەی ئەو بۆمان والا دەکاتەوە لەو «سیاسەتە مەزنەدا» بەرجەستە دەبێت کە تەنیا لەڕێی «مەشقکردنی هاوسەنگیدا» شیاو دەبێت، چونکە وەک ئەو لە لاپەڕەی ٣٥٥دا دەڵێت: «سیاسەتی گەورە تەنیا لە ڕێبازی مەشقکردنی هاوسەنگیدا ڕوودەدات»، چونکە زەمەنی مێژوویی جگە لە «زەمەنی فێربوونی شارستانییەت» چ شتێکی تر نییە، واتە خۆت فێری ئەوە بکەیت بە چاوی ئەوانی تر ببینیت، بەمەش وا بکەیت زەمەنی جەوهەری خۆت وەک زەمەنی فێربوونی شارستانییەتەکانی تر پێناسە بکەیت. کە ئەم زەمەنەش ئومێدی ئەوەی لێکراوە «چەپکێک لە دیسپلینی پێکەوە گرێدراوی نێو کولتووری» لێ چاوەڕوان بکرێت. واتە «کولتوورێکی جیهانی» کە دواجار لە خزمەتکردنی جیهاندا بێت و خاڵی بێت لە ڕۆحی ڕق وکینە و ڕیزەنتیمێنت، ئەمە لە دوا بڕگەکانی کتێبەکەدا دەخوێنینەوە.

**ناوی کتێبەکە بە ئەڵمانی:**

**Peter Sloterdijk**

**Zorn und Zeit, Suhrkamp Verlag 2006**